# خۆشەویستان کەس‌و کارو دۆستانی نەسرینی ئازیز

مەرگی ناوەختی نەسرینی ئازیز جیگای داخ‌و پەژارەیەکی گەورەیە بۆ هەموومان‌و ئازاریکی گەورەی بە دلی هەمووممان گەیاندوە. نەسرینی ئازیز هەتا بلیی ئینسانیکی مهرەبان‌و دلسۆزو بە وەفا بوو، ئەو کەسیکی خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانە بوو کە لە نزیکەوە ناسیویانە. منیش یەکیکم لەو کەسانەو شانازی بەوەوە دەکەم کە سالەها لە نزیکەوە لە هاوریەتی‌و وەفاداری‌و دلسۆزی ئەو بەهەرەمەند بووم. ئەمە موجامەلەیەك نیە کە دوای مەرگی هەرکەسیك بۆی بهۆنریتەوە، بەلکو بە تەواوی گوزراشیکی واقعیی‌و راستەقینەیە لە کەسایەتی نەسرینی ئازیز.

نەسرینی ئازیز کەسیکی لەرادەبەردە رووخۆش‌و دلخۆش‌و ئومیدەوار بوو بە ژیان. ئەو دوای سالەها زۆرانبازی‌و جەنگین لەگەل نەخۆشی شومی سەرەتان، ئومیدی بە ژیان لە دەست نەدابوو. تەنها دوو رۆژ پیش گیان لەدەستدانی کە تەنیا توانی یەك دەقیقە قسەم لەگەل بکات، هەستم کرد هیشتا خۆشبینە بەرامبەر بە ژیان، ئەمە نیشانەی ئازایەتی‌و خۆراگری ئەوبوو لەبەرامبەر مەرگدا. لە راستیشدا ئەو کاتی مەرگی نەبوو، ئەو دەبوو بژیت بۆ ئارەزوە ئینسانیەکانی، بۆ کەس‌و کاری ئازیزی و بۆ هەموو ئیمە کە پیویستمان بەوەبوو لە نیوماندا بیت. بەداخەوە نەخۆشی شوم‌و چەپەلی سەرەتان دەستی گەیشتە گیانی و وەکو دیواریك لەبەردەم ئارەزوەکانی ئەوو ویستی ئیمەدا راوەستا.

لە دەمی ئەو دۆستە ئازیزانەوە کە ئاخرین ساتەکانی ژیانی لە تەنیشتی بوون، بیستم کە تا ئاخرین قسەکانی ناوی منی بردوەو سلاوی بۆ ناردوم‌و محەبەتی پی کردوم، ئەم هەستە بەرزو دلسۆزانەیەی نەسرینی ئازیز بۆ من جیگای شانازیە، بەلام لە راستیدا من بەدریژایی ماوەی یەکترناسینمان بەداخەوە شتیکی ئەوتۆم لەدەست نەهاتووە کە بۆ ئەوەی بکەم، جگە لە خۆشەویستی‌و بەهۆلەوەبوون، بۆیە ئەو هەستە بەرزەی ئەو لە ئاخرین ساتەکانی ژیانیدا بەرامبەر بە من، تەنها بەلگەی مهرەبانی‌و دلسۆزی وەفاداری خۆیەتی.

ئیستا ئیتر ئەو ئیمەی بەجیهیشتوەو لە نیوانماندا نیە، بەلام جیگای ئەو لە دلی ئیمەدایەو شوینی لە نیوماندا خالیەو پرنابیتەوە. ئیوە کە دلتان بۆ گیان لەدەستدانی ئەو بە جۆش هاتووە، من لەم خەمە گەورەیە بە شەریکی خۆتان بزانن. هەمووتان لە باوەش دەگرم‌و پر بەدل ماچتان دەکەم. ئیوە ئازیزانی نەسرین هەموو ئازیزو خۆشەویستی منن.

دلسۆزتان ریبوار ئەحمەد

2007-6-27